**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٠٣٣٣ لە ٢٠٢٣/٥/١٠**

پاڵپشت بە ئەحکامی مادده (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە ( ١٥) ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی هەموارکردنی ڕێنمایی سیستەمی لە بری نۆرینگە (بدل عيادات) ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** هەموارکردنەوەی بڕگەی (١) لە ماددەی (٢) بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- پزیشکانی خاوەن پسپۆڕی لە نەخۆشیەکانی خوێن و شێرپەنجەی (گەورە ساڵان و منداڵان)و چارەسەر بە تیشک و پزیشکانی نیشتەجێی دێرین و شارەزا لە گشت پسپۆڕیەکانی سەرەوە ، وە پزیشکانی دەرمانساز لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی خوێن و شێرپەنجە و پزیشکانی کارکردوو لە شوێنە کارگێڕیە پێویستەکان لە دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بە ڕەزامەندی وەزیر .

٢- کارمەندانی تەندروستی کە لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی خوێن و شێرپەنجە کار دەکەن.

**دووەم:** ماددەی (٢): هەموارکردنەوەی بڕگەی (٣) لە ماددەی (٢) بەم شێوەیەی خوارەوە:

٣- کارمەندانی تەندروستی وەك: پەرستاری زانکۆ ( هەڵگرانی بروانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دبلومی باڵا)، پەرستاری پەیمانگا( دبلۆم،یاریدەدەری تاقیگە، دەرچووی زانکۆ یان پەیمانگا)، یاریدەدەری دەرمانساز ( دەرچووی پەیمانگا)، یاریدەدەری سڕکردن ( دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا)، یاریدەدەری چارەسەری سروشتی ( دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا)، وێنەگری تێشك ( دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا)، فیزیایی پزیشکی (دەرچووی زانکۆ)، ن.کارامە ( دەرچووانی ئامادەیی برین پێچی)، لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی خوێن و شێرپەنجە و سندوقی کۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجە.

**ماددەی (٢):**

هەموارکردنەوەی بڕگەی (١) لە ماددەی(٣) بەم شێوەیەی خوارەوە:

مەرجەکانی کارکردن بەپێی سیستەمی لەبڕی نۆڕینگە بریتین لە:

١- دەبێت دەوامی بەیانیانی پزیشکان هەمیشەیی بن لە کاتی زۆر پێویست نەبێت تەنسیب نەکرێن بۆ نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی شێرپەنجە بەڵام کارمەندانی تەندروستی پێویستە میلاکی هەمان نەخۆشخانە و سەنتەرەکە بن لە کاتی نەبوونی هەر ناونیشانێك پێویستە گواستنەوەی ڕاژەیان بۆ بکرێت.

**ماددەی (٣):**

زیادکردنی خاڵی (ج) لە بڕگەی (٢)ی ماددەی (٥) بەم شێوەیەی خوارەوە:

ج- سەرپەرشتی کردن و ڕێکخستنی دەوامی پزیشکان و کارمەندانی سندوقی کۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجە لە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی سندوقی کۆمەك دەبێت بەپێی خشتەیەکی تایبەت.

**ماددەی (٤):**

زیادکردنی خاڵی (٣) لە بڕگەی (٣)ی ماددەی (٨) بەم شێوەیەی خوارەوە:

٣- ڕۆژانی پشووی پزیشکان و کارمەندانی سندوقی کۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجە لەگەڵ دیوانی وەزارەتی تەندروستی دەبێت.

**ماددەی (٥):**

هەموارکردنەوەی ماددەی(١٥) بەم شێوەیەی خوارەوە:

ماددەی(١٥):

أ- کارمەندانی کارگێڕی (ئەندازیاری ئامێرەکانی ليناك ،IT، فایل، ئامار، سکرتێر، پێشوازی) سوودمەند دەبن لە بودجەی پەسەندکراوی ئەم سیستەمە لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی شێرپەنجە و تالاسیمیا بە مەرجی دیاریکردنیان بە کەمترین ژمارە بەپێی پێویستی.

ب- سەبارەت بە سندوقی کۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجە کارمەندانی کارگێڕی ( ئەندازیاری ئامێرەکانی ليناك،IT ، یاسایی و گرێبەستەکان، ژمێریاری و وردبینی، بەڕێوەبەری جێبەجێکار و کارگێڕی، فایل، ئامار، سکرتێر، پێشوازی) بە مەرجێك بۆ هەر ناونیشانێك تەنها یەك کەس دەستنیشان بکرێت.

**ماددەی (٦):**

هەر سوودمەندێك لە سیستەمی لە بڕی نۆرینگە لە مۆڵەتی خوێندندا بێت یان هەر مۆڵەتێکی دیکە کە ماوەکەی لە (٣٠) ڕۆژ لە سەر یەك زیاتر بێت پێویستە بڕی نۆرینگە ( بدل عيادات) ڕابگیرێت.

**ماددەی (٧):**

وەزارەتی تەندروستی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان هەڵدەستێ بە دانانی لیستێك بە مەبەستی پۆلێنکردنی ئەو کەسانەی کە سوودمەند دەبن لە سیستەمی لە بری نۆرینگە( بدل عيادات) بە مەرجی ڕەچاوکردنی ( بڕوانامە، پلەبەندی، ساڵانی خزمەت) بە شێوەیەك کە لەو ڕێژەیەی کە لە سیستەمی لە بڕی نۆرینگە ( بدل عيادات) دیاری کراوە زیاتر نەبێت.

**ماددەی (٨):**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامی ئەم ڕێنمایییە ناکۆك بێت.

**ماددەی (٩):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ەو جێبەجێدەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**